سەرۆک وەزیرانی ئیمارات هەڵی کار بۆ پێستی وەزیری گەنجان و لاوان بەاوکردەوە

شێخ مەحەمەد بن ڕاشد ئەلمکتوم، جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ئیمارات و فەرمانڕەوای دوبەی داوای لە گەنجەکانی ئیمارات کرد کە خۆیان بۆ لێهاتوو و ڕاستگۆ دەبینن، نامە بۆ نوسینگەی سەرۆک وەزیران بنێرن بۆ هەڵبژاردنی وەزیری گەنجان و لاوان لە کابینەکەیدا، شێخ مەحەمەد بن ڕاشد ئەلمکتوم لە هەژماری فەرمی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینکس ڕایگەیاند: "بۆ کچ و کوڕە گەنجەکانمان لە ئیمارات، بەدوای کوڕ و کچێکی گەنجدا دەگەڕێم کە نوێنەرایەتی کۆشکانی گەنجان بکات و بچوونەکانیان بگوازێتەوە و بەدواداچوون بۆ دەسپێکانی حکومەت بکات کە پێویستدییان بە لاوانەوە هەیە، بۆ ئەوەی ببێتە وەزیری لاوان لە حکومەتی ئیمارات", وتیشی: "دەمانەوێت ئەو کەسە بۆ کۆشکانی وەاتەکەی ئاشنا بێت و ئاگاداری ڕاستیەکانی کۆمەڵگاکەی بێت لە بواری کارکانیدا، لە پێشنیارکەیدا بوڕ و بەهێز بێت لە نوێنەرایەتیکردنی وەاتەکەیدا، بە پێرەش بێت بۆ خزمەتکردنی خاکی وەاتەکەی"، سەرۆک وەزیرانی ئیمارات وتیشی: "داوا لەو کەسانە دەکەین کە خۆیان بە توانا و ڕاستگۆیی دەبینن ببن بە وەزیری لاوان، لە ڕێگەی ئیمەیڵ (ContactUs@moca.gov.ae) نامەیەکم ان بۆ بنووسن".